www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:29

# گێلاسێ پرسیارو سێبەری تابووت

شیعری" حەمەشوان شەریف

## ١) ئاخۆ ئێستا لەناو هەگبــەی

کام خەمی پشکوتوی پایزی گریاناویدا
خۆت حەشارداوەو ونبوویت؟!

ئاخۆ ئێستا چاوانت لەگەڵ چاوی چ فرمێسکێکتا
قەتارەی ڕێی ڕووتن ؟
ئەم ئێستاکە پرچەکانت
بۆکام چاوی عاشق دەرگای لەسەر پشتە؟
بای سۆزی من. . . نەشمیلانە
بەم ئێوارە وەختە بۆچی ون بویت،
بۆبێشوێن پێیت ، !؟
دەخیلم تەنیاترین برینم
ئەی بـــــــــــــــای هاوڕێم
دەستان بخەنەکەمەرەی بازنەی باریکی لاشەم
بمبەن. . . . بمکەن بەشەماڵێ تا بەناوگەرویا شۆڕببمەوەو
تێکەڵ بەهەناسەی گەرمیببم.
کچـــــــــــــــــێ. . .
چۆن (بـــــا) بەلوت بۆنی پرچی پایزی زەرد هەڵدەمژێ
چۆن چاوی بـــــاو چاوی پـــایز دەگرین بۆدابڕان
منیش ئاوا لەچاوانت خۆم دەبینم
خۆبای ساردیش هەڵدەکا و توڕەدەبێ،
لەکاتی گریانی گەڵادا
فرمێسکی چاوی گەڵا دەکاتە چلووروەو
لەتوانەوەیدا دەیکاتە ئاوێنەی هەزار پرژ
کەچی پایز لێیدەبورێ. . . . !

ئـــــــــــــــێ کچی مەملەکەتی نوقوڵ
من پایزم بوراوم لێت
هەروەک جاران بمخەجانتای شەماڵی دڵتەوە
لێت دەبوورم. . چۆن واونبوویت ؟!. ،
لەئاوێنەک ەوە خۆم دەبینم
ئەم ئێوارە
زۆرپیربووم
کچـــــــــــــــــێ. . . .

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
07/07/2003 22:29

زۆردەترسێم بۆسبەینێ کەبتبینم
پرسیارەکان
لەمنەوە ببنەوەڵام. . . . . ١٩٩٢سلێمانی

## ٢) سێبەری تابووت

ئەم شەو. .
لێرە تاریکی یە
هەرنامۆیەک لێرە چاوی هەڵبێنێ
ژانی بێکەسی دەیکوژێ.
بەتەنیام. . .
چام پڕکانیلەی فرمێسکە
سنگی سروشتی شەقامێک
بەجێم دێڵێ و بەجێیدێڵم
ئەم شەو. .
لەم شەو تاریک ترم.
گیانم سێبەری تابوتێکە
بەقەد باڵام
هەرخۆمم ئەوینێکی ڕزیو
هاکا. . بەڕووی بێدەنگیما تەقیمەوە.
ئەم شەو. . .
باڵای حەزم هەراسانە
هەراسان وەک جەنجاڵی با و ڕەنگینە با
ئەو گیرۆدەی دارستانی برینێکە
منیش دەفی ناودەستێکم
سەما باڵای داپۆشیوم،
گەورەم بەقەد باڵای زەمەنی خەم
گەورەیت بەقەد باڵاو قاقایی پێکەنینێک،
بەڵام ئەفسووس. . . .
چەند گەورەبم. . چەند گەورەبیت
سایەی تابووت دادەپۆشێ،
دامدەپۆشێ،
وەکوو لمی ژێر باڵی ئاو
دڵتەنگ مەبەئاسایی یە
زۆرئێوارە
تابووت پاشای مەملەکەتە
تابووت پاشای مەملەکەتە. . . .
١٩٨٩سلێمانی

کوردستان نێت www.kurdistannet.org